# دوو ڕووی ناشونالیسم

دەق: یان-گوننەر ڕۆسێنبلاد /گوندێل سوێدێرهۆلم. و: سیروان کاروانی

ئەم پێشهاتانە لە دوو ڕووی ناشونالیسمدا دەردەکەون

ئایا ناشونالیسمێکی "میهرەبان" و ناشونالیسمێکی "دڵڕەق" هەیە؟ ئێمە لێرەدا دەمانەوێ ناشونالیسم بە دوو ئاراستە پێشان بدەین. ئەوان ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، ئەوا دوو دیوی لای دەرەوەن لە تویکلێکدا. هەموومان دەزانین کە ڕاستییەکەی ڕەش یاخود سپییەکی بێخەوش نییە، میهرەبان یاخود دڵڕەقێکی بێخەوش نییە و، ئێمە بەزۆری دەکەوینە شوێنێک لە نێوانیانەوە. دەکرێ ڕووداوێک لە هێندێک لایەنەوە باش بێت، بەڵام لە زۆر وەختدا بەشی وای هەیە کەمتر باشە، یاخود هەر بەتەواوی خراپە.

هەر بەو شێوەیە لەگەڵ ناشونالیسمیشدا هەڵسوکەوت دەکرێ. لە زۆر وەختدا هەردوو ئاراستەکە پێکەوە بوونیان هەیە، بەڵام جاروبار ئەمیان فەرمانڕەوایە و جاروبار ئەویان فەرمانڕەوایە.

## ناشونالیسمی کولتووری

لەڕێسادا، دوو ئاراستەی ناشونالیسمی هەبوونە و ئێستاش بەردەوام هەردووک هەن کە لە هەموو وڵاتێکدا لەکاردان. یەکێکیان دەیەوێ داب و نەریت، کولتوور و ئایینی تایبەت بە خۆی درێژە پێبدات. مرۆڤ دەیەوێ ئەوە بپارێزێ کە هەر لە وڵاتی خۆیدا لەئارادایە، بەڵام لە هەمان کاتدا ددان بەوەدا دەنێ کە خەڵکانی تر مافی ئەوەیان هەیە بە هەمان شێوە بکەن. هەموو کولتوورەکان یەکسانن. ئەو کولتوورانەی کە جۆراوجۆرن مایەی سەرنجراکێشن. مرۆڤ دەتوانێ لەوانەی ترەوە فێر بێت و ئارەزوومەندیی ئەوانی تر بکات بەبێ ئەوەی کولتووری خۆی ڕەت بکاتەوە.

هەموو ساڵێ لە ماوەی هەفتەیەکی مانگی حەوتدا، فێستیڤالی موسیک لە شاری فالون دەکرێ. هونەرمەندان لە هەموو لاسووچەکانی جیهاندا دێن بۆ فالون بۆ ئەوەی کولتووری وڵاتەکەی خۆیان، موسیکی میللی و جلوبەرگی نەتەوەکەیان پێشان بدەن. لێرەدا، سەماکاران، شمشاڵ-ژەن و دەهۆڵلێدەرە ئافریکاییەکان شان بە شانی یەکتری لەگەڵ موسیکی یۆیک (جۆری موسیکی کولتووریی کۆنی سامییەکان لە سوێد)، موسیکاژەنانی خەڵکی دالارنا و ئاوازی ڕەسەنی سکۆنێ بەیەک دەگەن. مرۆڤ هەموو شتێک دەبینێ، هەر لە گوڵەنگی سەرچۆک و کۆت و داوێن (جلوبەرگ)ی سامییەکانەوە هەتا جلوبەرگی ڕەنگرێژی ڕۆژهەڵاتی و پەڕەی سروشتیی مریشکەحوشتر. جەماوەرێکی زۆریش دێن. لەو وەختەدا تێکرای ژوورەکان لە ناوچەکەدا لەلایەن گەشتیارانەوە دەگیرێن و ئۆتۆمۆبیلەکان دەبێ لە قەراغی شاردا ڕابگیرێن.

فێستیڤالی موسیک لە شاری فالون شتێکی نێونەتەوەییە و زۆر کولتووری تێکەڵاوە، بەڵام ئەوە نموونەیەکیشە بۆ ناشونالیسم لە کاتێکدا وەک هەرە چاکترینیان وایە. هەریەک لە بەشداربووان نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی خۆی و نەتەوەکەی خۆی دەکات و شتێک لە کولتووری ڕەسەن و میراتی کۆنی نیشتیمانەکەی خۆی میانی دەکات. هەموو کوولتورێک بەخێر بێ. هەموو کولتوورەکان یەکسانن. ئەوە پەیوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە کە بە کامیان ئارەزوومەند دەبێ.

## دژەبیانی/کینەی ناشونالیستی

بەلام ئێمە ناشونالیستێکی دژەبیانیشمان هەیە. ئەو بەشە پێیان وایە کە تەنها کولتووری خەلکەکەی خۆیان کولتوورێکی ڕاستە و لە سەرووی هەموو ئەوانەی ترەوەیە. لە پەیوەند لەگەل ئەو ناشونالیستە تازە بەئاگاهاتووەدا، جاروبار ڕەگەزپەرستیش بەدەردەکەوێ. لە فرانسادا، دروشمی "لێ پێن"ی دژەبیانی بە هۆشیارییەوە بردییەوە. کەللەچەرمەکانی سوێد، دانمارک و ئەلمانیا پەیامە دژەبیانییەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو. ئۆردووگای پەنابەران دەکەونەبەر هەولی کوشتن بەهۆی سووتانەوە.

نموونەی یەکێک لەو جۆرە ناشونالیستانەی کە لە هەمووان زیاتر تۆقێنەر بوو، لە یوگۆسلاڤیای کۆندا بینرا. خەلک کە کۆندا لە پال یەکترییەوە دەژیان، وایان لێهات کە لەژێر ناوی ناشونالیستیدا ئامادەبن یەکتری قەلاچۆ بکەن.

هەروەکو ئێمە بینیمان، بەو شێوەیە ناشونالیسم لەوانەیە زۆر کولتووری تێکەلاو و هەروەها پڕ لە کینەی دژەبیانی بگرێتە خۆی. بەو جۆرە دەکرێ ناشونالیستی ڕووی جۆراوجۆری هەبێت.

لە چەرخی مێژوودا، خەلک زۆروەخت تێکۆشاون بۆ ئەوەی کولتووری تایبەت بە خۆیان بپارێزن. دەست لەناو دەست لە تێکۆشان بۆ پاراستنی کولتووری خۆیی، هەول و تێکۆشانی ئەوەش درا کە دۆخی بەڕێوەبەرایەتییەکی دیمۆکراتییانە بێتە کایەوە. ئێمە لێرەدا ناوی ئەوە دەنێین ناشونالیسمی کولتووری. وادەردەکەوێ کە ئەو ڕووداوە مێژووییانەی بەدوادادێن ببنە هۆ بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ولاتە ڕۆژئاواییەکان و هەروەها بۆ گەشەکردنی ناشونالیسمی کولتووری.

لەگەل ئەوەشدا، نابێ لەبیری بکەین کە لەو پێشهاتانەشدا چەندین ئاراستەی دژەبیانی و کینەی ناشونالیستی هەن. مرۆڤ لەگەل ئەوەشدا دەتوانێ بلێ کە ناشونالیسمی کولتووری بەرزترین دەستەلاتیانە.

2005.08.07

* یان-گوننەر ڕۆسێنبلاد /گوندێل سوێدێرهۆلم. سەرچاوە: ئینتەرنێت.